# ( تا بەیان )

من بەدەنگی سەمفۆنیای ئەو شەوانە
ئەنووسم کە
تا بەیان رازەکانمانی بەدەماری
عاتیفە بۆ یەك دەنارد
تا بەیان لەنێو حەوزی بریسکەداری
تریفەی مانگ مەلەمان ئەکرد
تا بەیان دنك دنك هەناری
پێکەنینمان ئەخوارد
تا بەیان لەنێو شەقامەکانی
باران پیاسەمان ئەکرد
تابەیان دەفتەری پەلکە زێرینەی
یەکتر ناسینمان پرئەکردەوە
بە وشە سپییەکان کە بە قەڵەمێکی
ئەسمەر ئەماننووسی
تا ئەو کاتەی بە یەکەوە
هێدی     هێدی
کەژاوەکانی تەنیاییمان
بەجێهێشت ...

سارێژ زیاد